## مەنصوری حەللاج...

## رۆحێک بەسەر پەلی دارخورماکانەوە

✍ : کاوە ئەحمەد

ناتوانم ئەوە بشارمەوە کە نووسین و لێکۆڵینەوە دەربارەی کەسێکی وەك مەنصوری حەللاج بەر لە هەموو شتێك دەست بردنە بۆ کۆمەڵێك چەمکی ئاڵۆز و نائاسایی، بێدارکردنەوەی رۆحی پیاوێکە کە تا ئێستاش رەنگە چوار پرسیاری جیددی و بێلایەنانە ئاراستەی خۆی و بیروباوەڕەکانی نەکرا بێت، لە نێوەندی رۆشنبیری خۆشماندا جگە لە چەند وتەیەکی حەللاج کە لە بن ناونیشان و سەردێڕی بابەتەکاندا دەنووسرێت (کە زۆربەیان بە پێچەوانەی ئەو مەبەستەن کە حەللاج بەکاری هێناوە) یاخود ناوی حەللاج لە چەند پارچە شیعرێکدا بەکارهێنراوە وەکو سیمبولێك بۆ ستەمێکی مێژوویی، هەندێك جاریش وەکو سیمبولێکی عیرفانی ناوی لێهێنراوە کە ئەمەیان کەمترە و گۆڤاری (هەژان) نموونەی ئەم جۆرەیە.

ئەوەی جێگای داخە زۆرێکیش لە شاعیرانی گەورەی کورد لە وێنەکردنی حەللاجدا سەرکەوتوو نەبوون، بۆ نموونە زۆر جار وتەیەکیان دووبارە کردۆتەوە کە دەڵێت: (منیش وەکو حەللاج هەر (انا الحق) دەڵێم ) کە پێیان وابووە حەللاج ئەم وتەیەی لە کاتی ئازار و ئەشکەنجە و مەرگدا وتووە بەو پێیە من وای بۆ دەچم ئەو شاعیرە بەڕێزانە تەفسیری (انا الحق)یان بە (من راستم) کردبێت هەر بۆیە کەوتوونەتە هەڵەیەکی مێژووییەوە چونکە لە راستیدا هەر ئەم دوو وشەیە (انا الحق) هۆکاری رووبەڕوو بوونەوەی حەللاج بوو لەگەڵ مەرگدا، واتە ئەم وتەیە دەرئەنجامی ململانێی حەللاج و نەیارانی نەبوو بەڵکو هۆکاری سەرهەڵدانی وەها ململانێیەك بوو. کە دواتر ئەمە روون دەکەمەوە. ئەگەر کراسەکەی (عوسمانی کوڕی عەفان) سیمبوڵی گەورەترین پێکدادانی ناوخۆیی نێو کۆمەڵی موسوڵمانان بێت کە تائێستاش لەنێو واقیعی ئێمەدا خەریکە خۆی تەرجومە دەکات، ئەوا من وای بۆ دەچم خوێنی حەللاجیش گەر لەچاوی عیرفانەوە سەیری بکەین دابەشبوونێکی هاوشێوەی دروستکردووە، ئەگەر کراسەکەی عوسمان تەوزیف کرابێتە نێو ململانێ سیاسیەکانەوە و لەپشتیەوە هێزێکی باڵادەست حوزوری هەبوو بێت ئەوا لەپشتی کراسە دڕاوەکەی حەللاجیشەوە شۆڕشێکی بێدەنگ بوونی هەبووە، شۆڕشێك بەبێ سوپا و بەبێ چەك و بەبێ مەتەرێز هەر بۆیە زۆر بە ئاسانی لەلایەن دەسەلاّتدارانەوە سەرکوت کراوە.

لەم بابەتەدا هەوڵم داوە بە دوو شێوە حەللاج بخوێنمەوە، حەللاج وەك مێژوو، حەللاج وەك عاریف، چونکە جیا کردنەوەی حەللاج لە چرکە مێژووییەکانی دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ بەدحاڵی بوون لە حەللاج ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە حەللاج تائێستا بە چاکی نەناسراوە لە نێوەندی رۆشنبیری

ئێمـەدا و بەشـێکی زۆری ژیـانی ئـەو تائێـستاش هـەر لـە تاریکیدایـە. خـاڵکی تـر کـە پێویـستە هـەر لەسـەرەتاوە ئامـاژەی بـۆ بکـەم ئەوەیـە کـە مـن بـۆ نووسـینی ئـەم بابەتـە پـشتم بـە چـەند سەرچاوەیەك بەستووە کە زۆربەیان بە زمانی ئینگلیـزی بـوون هـەر بۆیـە لـەکاتی وەرگێڕانـی شیعرەکانی حەللاج دا ڕەنگە کت و مت وەك خۆی شیعرەکانم راڤە نەکردبێت، دەشـزانم ئەگـەر وەرگێـڕان بـەر لەهـەموو شتێك ستەم بێت لە دەق، ئەوا وەرگێڕانی شیعر دوو جار ستەمە لـە دەق ئـەی ئەگـەر شـیعرێك لـە عەرەبیـەوە کرابێتە ئینگلیزی و لەویشەوە بۆ کوردی دەبێت چەندە ستەمی لێکرا بێت بەلاّم بەهەر حاڵ هەوڵمداوە ناوەڕۆکی شیعرەکان وەك و خۆی بگوازمەوە .

**حەللاج ... لە چاوی مێژوودا:**

مەنصوری حەللاج لە ساڵی(٨٥٧ز –٢٢٤ك) لە ( مدينة البيدا ْ)دا دایك بووە، کە گوندێکی چکۆلەی سەر بە هەرێمی (فارس)ە لە ئێرانی ئێستادا، دواتـر لـە شـارەکانی (واسـت) و (توسـتار)دا گـەورە بـووە لـەم دوو شارەشـدا کـشتوکاڵ چـاندن و شـیکردنەوەی لۆکـە زۆر بـاو بـووە، بـاوکی مەنـصور خـەریکی شیکردنەوەی لۆکە بووە هەربۆیە نازناوی (حەللاج)ی وەرگرتووە.

ناوی تەواوی خۆی ( حسين بن منصور الحلاج)ە، هەر لە منداڵیـەوە ئـاوێزانی ژیـانی رۆحـی بـووە و لە تەمەنی شازدە ساڵیدا بووە بە قوتابی (شيخ صـالح التوسـتاري) لـە شـاری بەصـرە، پـاش دوو سـاڵ ئیتر مامۆستاکەی بەجێ دەهێڵێت و روو دەکاتە شاری بەغداد، حـەللاج بـۆ ماوەیـەکی دوور و درێـژ لـە بەغداد نەماوەتەوە و گەڕاوەتەوە بۆ شاری بەصرە، لەوێ بووە بە قوتابی ( شيخ عامر المكی ) نزیکەی هەژدە مانگ قوتابی ئەو بووە. کچی زانایەکی بە ناوبانگی ئەو سەردەمەی خواستووە کە ناوی (يعقوب ابـن اقتـا) بـووە و سـێ کـوڕی بـووە یـەکیان بـەناوی (حمیـد) کـە بەشـی زۆری زانیاریـە نوسـراوەکان دەربارەی حەللاج لەلایەن ئەوەوە تۆمار کراوە، پاشان مەنصوری حەللاج روو دەکاتـەوە شـاری بەغـداد و دەبێت بە قوتابی عاریفی بەناوبانگ (جونەید) کە بە( پاسەوانی رۆحی) حەللاج ناسراوە، بۆماوەیەك لەگەڵ (جونەید)دا مایەوە لە بەغداد، دواتر بۆ مەبەستی حەجکردن روو دەکاتە شـاری مەککـە بـەلاّم بـۆ ماوەی یەك ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەی لە شاری مەککەدا ژیـانێکی سـەختی گوزەرانـدووە و نەیتوانیوە بە ئاسانی پەناگەیەك بۆ کرداره رۆحیەکانی لەو شارەدا بدۆزێتەوە، بـەلاّم حـەللاج لـە رووی رۆحیەوە لـەو ماوەیـەدا گـۆڕانی گـەورەی بەسـەردا دێـت، هـەر بۆیـە دوای ئـەو سـاڵە کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ بەغـداد ڕاسـتەوخۆ روو دەکاتـە مـاڵی (جونەیـد) و کاتێـك لـە دەرگـا دەدات (جونەیـد) دەڵێـت: کێیـە؟ حەللاج دەڵێت: ( انا الحق) واتە (من {الحق}م کە یەکێکە لە ناوەکانی خودا)، (جونەید) پێـی دەڵێـت: (خۆشەویستم ئاگادار بە ئەوەی کە لـە دڵتدایـە بـۆ خـودا بـە نهێنـی بیهێڵـەوە، ئـەو نهێنیـە بـۆ کەسـانێك مەدرکێنە کە لێی تێناگەن، من وای بۆ دەچم گەر بەم شێوەیە رەفتار بکەیت بەم زووانە دەتبینم بەسـەر پـەلی دارەکانـەوە هەڵواسـراوی)، دواتـر بـەهۆی ئاشـکرا بـوونی بۆچـوون و بیروباوەڕەکـانی حـەللاج چ بـەهۆی خۆیـەوە یـان بـەهۆی کەسـانی دیکـەوە ئیـدی توندوتیـژی لەلایـەن دەوڵـەت و دانیـشتوانی بەغدادەوە دژ بە حەللاج دەستی پێکرد، (حەللاج)یش بەغداد بەجێدەهێڵێت و بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەو شارە دوور دەکەوێتەوە، جلوبەرگی صۆفیانەی لادەبات و خـۆی بـەجۆرێك دەگـۆڕێت کـە نەناسـرێتەوە بـەلاّم ئەمـە تـەنها لـە روخـساردا بـوو چـونکە خـۆی دەڵێـت: (کـە مـن خـودام دەبینـی لـەنێو هـەموو ئـەو دەموچاوانەدا کە لەدەورمدا بوون، خودام دەبینی لە هەر شوێنێکدا کە پێیدا تێپەڕ دەبووم).

ئەو پێنج ساڵەی کە لە بەغداد دوور بوو ژیانی لە خوراسان و سیستان و هەنـدێك ناوچـەی دیکـەدا دەگوزەرانـد، دواتـر کـۆچی کـرد بـۆ ئـەهواز، خـەڵکی ئـەو شـارە زۆر حـەللاجیان خۆشـدەویست، لـەوێ حـەللاج لەگـەڵ پـەرەدان بـە بـارودۆخی رۆحـی خـۆی کەوتـە دیراسـەکردنی نهێنیـەکان بەتایبـەتی

نهێنیەکانی دڵ هەر بۆیە حەللاج لە ئەهوازدا بە (حەللاجی نهێنییەکان) ناسراوە، دواتر بۆ جاری دووەم روو دەکاتەوە شاری مەککە بۆ مەبەستی حەجکردن، ئەمجارەیان حەللاج جلێکی دڕاوی دەروێشانەی لەبەر کردبوو و ژمارەیەکی زۆر لە شوێنکەوتووانی خۆی لەگەڵ دابوو کە بەهەمان شێوەی ئەو جلیان پۆشی بوو، دەووترێت کاتێك حەللاج دەگاتە مەککە یەکێك لە زانایان کە زانی حەللاج هاتۆتە مەککە خێرا خەڵکی لە دژی حەللاج هانداوە و فەتوای زەندیقی بەسەر حەللاجدا داوە، بۆیە حەللاج زۆر بەخێرایی مەککە بەجێ دەهێڵێت و روودەکاتە بەسرە و لەوێوە بۆ ئەهواز، وەکو (جونەید) ئاماژەی پێداوە کە حەللاج رۆحێکی گەڕۆك و پڕ لەهاواری هەبووە، ویستوویەتی دەنگەکانی بگەیەنێتە هەموو کەسێك بۆیە زۆر جێگا گەڕاوە و تاسەر لەهیچ شوێنێکدا نەماوەتەوە، ئەمجارە خەیاڵی زەویە دوورەکان دەکەوێتە سەری بۆیە روو دەکاتە هاوڕێکانی و پێیان دەڵێت: ئەی هاورێیانم من بڕیارم داوە سەفەر بکەم بۆ سەرزەمینی فرەخودایی (مەبەستی رۆژهەڵاتی ئاسیایە کە زیاد لەیەك خودایان دەپەرست) و ئەوان بانگ بکەم بۆ لای تەنها خودایەك کە (الله)یە. ئەوەبوو لە رێگەی دەریاوە روو دەکاتە هیندستان و پاشان لەوێشەوە بۆ وڵاتی چین، خەنیمەکانی حەللاج دەیان گووت حەللاج کۆچی کردووە بۆ هیندستان بۆ ئەوەی فێری سیحر بێت بەتایبەتی جۆرە سیحرێك کە بە سیحری گوریسی فێڵاوی (magic of rope trick) ناسراوە، لە وەڵام بەم تۆمەتانەدا دۆستانی حەللاج دەیانگووت: حەللاج پێویستی بە سیحر نیە ئەو تەنها خودای ویستووە و خوداش هەموو شتێکی بە ئەو داوە، سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە لەم گەشتەدا حەللاج توانیویەتی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بکاتە هاوڕێ و هاوباوەڕی خۆی، حەللاج لە هیندستان بە (ابو المغيص) و لە چین بە (ابو المعين) ناسراوە، هەموو ئەم رەفتارانەی حەللاج بەتایبەتی بیروباوەڕەکەی و ئەو ژمارە زۆرەی خەڵك کە شوێن بیروباوەڕی ئەو کەوتبوون بووە هۆی ئەوەی کە حکومەتی بەغداد (دەوڵەتی عەباسی) نەك هەر بەگومانەوە تەماشای حەللاج بکات بەڵکو ئەو بە هەڕەشەیەك بزانێت بۆسەر ئاسایشی دەستەڵاتەکەی، هەربۆیە دوای ئەوەی حەللاج دەگەڕێتەوە و بۆجاری سێهەم سەر لە مەککە دەدات و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ بەغداد لەوێ لەلایەن دەوڵەتەوە دەستگیر دەکرێت و دوای یازدە ساڵ لە زیندانی کردن و ئەشکەنجەدان بەتۆمەتی زەندیقیەت (heretic ) سزای کوشتنی بەسەردا دەدرێت و پاش عەسرێك دوو پاسەوان زنجیر دەکەنە دەست و ملی و بە شەقام و کۆڵانەکانی بەغداد دا دەیگەڕێنن ئیدی هەرمنداڵە و بەرد بارانی دەکات هەر پیرەمێرد و پیرەژنە بەتۆمەتی کوفر و بێباوەڕی تف و نەفرەتی بەسەر دا دەبارێنن، هەرزەکانی بازاڕ گاڵتەی پێدەکەن بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە حەللاج هەموو گیانی خوێنی لێ دەچۆڕا کەچی هێمنیەکی زۆری نواندووە و بەپێی قسەی شوێنکەوتوانی هەر خەندەی لەسەر لێوان بووە، هەر لەو کاتەدا یەکێك لە کۆنە هاوڕێکانی کە لەسێبەرێکدا وەستاوە حەللاج دەبینێت و ئەویش دەیەوێت وەك و خەڵکی بەردێك بگرێتە حەللاج بەڵام هیچی دەست ناکەوێت تەنها ئەو گوڵە نەبێت کە بەدەستیەوە بوو بۆیە گوڵەکەی تێدەگرێت، کاتێك گوڵەکە بەر حەللاج دەکەوێت ئاخێکی لێ بەرز دەبێتەوە و پاسەوانەکان پێی دەڵێن باشە تۆ ئەو هەمووە برینەت پێوەیە و ئاخێکت هەڵنەکێشا بۆچی هێندە بەو گوڵە نیگەران بوویت، حەللاجیش لەوەڵامدا دەڵێت: گوڵ تێگرتنی هاوەڵێکم لەم کاتەدا لە بەرد تێگرتنی هەموو ناحەزانم لام بەئازار ترە، دواتر بەلقی دار خورمایەکدا هەڵدەواسرێت و بەشێوازێکی دوور لە رۆحی شەریعەت و ئەو رێسایانەش کە تەنانەت بۆ مەرگێکی مەشروع دانراوە، بەشمشێر لێی دەدرێت تا گیانی دەردەچێت.

**حەللاج... لە چاوی عیرفاندا:**

پرسیارێك كە بە گرنگم دەزانی بە دوای وەڵامەكەیدا بگەرێم ئەوەبوو ئاخۆ كەی عیرفان لە ناخی حەللاجدا جیلوەی كردووە؟ ئەگەر تەلیسمی عیرفانی شەمسی تەبریزی بۆ یەكەمین جار (مەولانا) رادەكێشێتە نێو دونیای عیرفانەوە، ئاخۆ حەللاج بەكام توولە رێدا دەستی گەیشتۆتە ئەو شارە پڕ لە نهێنیەی عیرفان؟ لێرەدا دەمەوێت بگەرێمەوە بۆ لای پاسەوانی رۆحی حەللاج (جونەید) ئەو دەربارەی حەللاج دەڵێت: ئەو جیاواز بوو لە سەرجەم قوتابیانی ترم، كاتێك بینیم منداڵێك بوو جگە لە خودا و رۆحی خۆی هیچی نەدەناسی، نیگاكانی پڕ بوون لە پاكی، گیانی پڕ بوو لە عیشق و خۆشەویستی بۆ خودا، بەم وەصفەی (جونەید)دا وا دەردەكەوێت داستانی عیرفان لای حەللاج بۆ سەرەتای تەمەنی ئەو دەگەڕێتەوە، پێویستە ئەوە بزانین كە رێبازی عیرفانی جونەید بریتی بووە لە (بێدەنگی و شەو بێداری و خۆشەویستی قووڵ و شاراوە بۆ خودا، ئەم خۆشەویستیەش تەنها بۆ كەسانێك باسدەكرا كە دەیانتوانی لێی تێبگەن و بیپارێزن ) بەڵام وەكو جونەید دەڵێت: من لە قبوڵ كردنی حەللاجدا وەكو قوتابیەك خۆم رووبەڕووی گرفتێكی سەخت كردەوە، چونكە حەللاج تاسەر نەیدەتوانی ئەو خۆشەویستیە لە گیانیدا بە نهێنی بهێڵێتەوە .

كاتێك ئێمە دەمانەوێت لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە خوێندنەوە بۆ حەللاج و رێبازە عیرفانیەكەی بكەین ، گۆشەنیگای حەللاج و شوێنكەوتوانی و گۆشەنیگای دژەكانی حەللاج، ئەوا رووبەڕووی قەیرانێكی قووڵ دەبینەوە و كە قسەكردنە لەسەر خود( زات)، تۆ ئەستەمە دەیان تۆمەت رووبەڕووی كەسێك بكەیتەوە كە ئەو دان بە بوونی خۆیدا نانێت وەكو كارەكتەری سەرەكی رووداوەكان، ئەو جگە لە سێبەرێك هیچی تر نەبێت، ئەو رێبازەكەی لەسەر حەزفكردنی خود بونیاد نابێت، حەللاج خۆی دەڵێت :

فیرعەون تەنها خۆی بینی و خودای لەدەست چوو
منیش تەنها خودام بینی و خۆمم لە دەست چوو

لە رێبازێكدا كە (خود) وەكو چەمكێكی دژ بە (خودا) خۆی نومایشت دەكات ئیدی هەر قسەكردنێك لەسەر خود لە چاوی وەها رێبازێك جگە لە هەوڵێكی بێهودە هیچی دیكە نیە، ئیدی ریزكردنی زنجیرەی تاوان و زەندیقییەت هیچ نیە جگە لە وەهمی ئەوانی تر، بۆ ئەوەی روونتر قسە بكەین دەبێت ئاماژە بەوە بكەین كە رێبازی عیرفانی حەللاج لە بنەڕەتدا خۆی لەسەر هەپرون هەپرون بوون و فەنابوون (effacement) بوونیاد ناوە، ئەو بەدەر لە پێناسە تەقلیدی و سوننەتیەكانی (توحید)، مانا و جەوهەری راستەقینەی (توحید) لە سڕینەوەی (خود)دا دەبینێتەوە، (خود)ێك كە ئەگەری ئەوەی لێدەكرێت لە هەر چركەیەكدا خۆی لێببێت بە خودا (افمن رأیت من اتخذ الهه هواه) دەرەئەنجامی سڕینەوەی خود وەك گەڕانەوەی تۆیە (كە دڵۆپە ئاوێكی ) بۆ نێو دەریای حەقیقەت (كە زاتی خودایە)، یان حەللاج گووتەنی (وەكو رووبارێك كە دەڕژێتە نێو ئۆقیانوسەوە چ شتێك دەتوانێت ڕێ لە تێكەڵ بوونیان بگرێت). یان مەولانا گوتەنی:

تو بامن بودی من از خودم دورم
چو قطره از دریا من از خودم دوورم
واتە: كاتێك تۆ لەگەڵ مندایت من لە خۆم دوورم
وەك دڵۆپەیەك لە دەریا من لە خۆم دوورم

خود لە ئان و ساتی فەنا بووندا هیچ نیە جگە لە پەنجەرەیەك بۆ دیدەنی خودا، خود هیچ نیە جگە لە ئاوێنەیەك کە هەرگیز نایەتە قسە بەبێ حوزوری (خود)ێکی تر کە خودایە، ئاوێنە بەبێ تەعبیر کردن لەخۆی تەنها ئەوە وێنەی ئەو شتانە پەرچ دەکاتەوە کە دەکەونە سەر رووەکەی، چما ئاوێنە هەرگیز خودی خۆی دەبێتە وێنە؟ یان ئاوێنە زاتێکی سەربەخۆیە، هەرگیز نەخێر، لە فەنابووندا (خود) دەبێتە ئاوێنەی خودا، واتە خود شتێك نیە جگە لە بینینەوەی وێنەکانی خودا لەودا، هەر وەکو (مامۆستا نوورسی) دەڵێت: (من) خۆی لە خۆیدا واتایەکی سەر بەخۆی نیە بەڵکو رێ پیشاندەرێکە بۆ واتایەکی غەیری خۆی، بە چەشنی ئاوێنەیەك کە وێنەکان پەرچ دەکاتەوە .

بۆیە ئەگەر بە وردی لەم شیعرەی حەللاج ورد ببینەوە جوانتر ئەم حەقیقەتەمان بۆ روون دەبێتەوە:

من کەسێکم کە خۆشم دەوێت
ئەو کەسێکە کە خۆشی دەوێت
ئێمە دوو رۆحین
لەنێو یەك جەستەدا رۆچووین
گەر(من)ت بینی ئەوە (ئەو)ت بینیوە
گەر (ئەو)ت بینی هەردووکمانت دیوە

دەتوانین بڵێین ئەم گووتەیەی حەللاج بە دیوێکی دیکەدا هەر قسەکەی (عبدالکریم الجیلی)یە کە چەند سەدە بەر لە حەللاج وتبووی (ئێمە یەك رۆحین لەنێو دوو جەستەداین).

حەللاج هەمیشە وای دادەنا کە ئەو (خودا بە چاوی دڵ ببینێت،خۆشەویستیەکەی لە تەواوی وجوودی ئەودایە، بەڵام ئەوە خەڵکە کە بەهۆی کەری و کوێری و ئاژەڵ زەدەیی خۆیانەوە ناتوانن خودا بناسنەوە و بیدۆزنەوە )، هەروەك لە پارچە شیعرێکدا دەڵێت :

خودام بە چاوی دڵ بینی و وتم
بێگومانم ئەوە تۆی ئەی (خودا)
ئەوە تۆی کە لە هەموو شتێکدا دەتبینم
ئەوە تۆی گشت جێگاکان هی تۆیە و
خۆت جێگایەکت نیە
من لە هەموو شتێك تێگەیشتووم
هەموو شتێك کە لە فەنابوونی خۆمدا دیومە
تەنها تۆ بوویت
ئەی خودا، خۆشت بوێم، لەیادم نەکەیت
من کەسێکم لە تۆ زیاتر ناوێت

حەللاج پانتاییەکی گەورەی خۆشەویستی لەنێو خەڵکدا بۆ خۆی دەستەبەر کردبوو بەڵام زانایانی ئایینی ئەو سەردەمە ئەویان بە دڵ نەبوو، هەمیشە بە گومان و سەرسامیەوە دەیان روانیە حەللاج ، و دەیان ویست بە توندوتیژی رووبەڕووی حەللاج و پەیڕەوانی ببنەوە، کێشە و ململانێی نێوان حەللاج و زانایانی ئەو سەردەمە هەندێك جار دەگەیشتە لوتکە بۆنموونە کاتێك حەللاج وتە بەناوبانگەکەی خۆی راگەیاند: (من سەرم سوڕماوە لە تۆ وخۆشم، تۆ منت لە نێو خۆمدا هێنایە دەر بۆ ئەوەی بێمە من (تۆ)م وە تۆش (من)یت).

ئەو گووتەیەی سەرەوە بە تەواوی زانایانی ئایینی توڕە کرد و توندتر لە جاران کەوتنە دژایەتیکردنی حەللاج و پەیڕەوانی، لە بەرامبەردا هاوڕێیانی حەللاج هەمیشە زانایانی ئایینیان بەوە

تۆمەتبار دەکرد کە نەیان توانیوە لە حەللاج تێبگەن و تەنها رووکەشی قسەکانی ئەو دەبینن و هەرگیز نەچوونەتە نێو جەوهەر و ماناکانیەوە. ئیدی ئەم ململانێیە هەر بەردەوام بوو و رۆژانە قووڵتر دەبوویەوە بەڵام ترسناکترین چرکەساتی ئەو ململانێیە ئەو دەمە سەریهەڵدا کە حەللاج گووتی: (رۆحی تۆ لەگەڵ رۆحی مندا تێکەڵ بووە وەکو تێکەڵ بوونی شەراب و ئاوێکی خاوێن جا هەر شتێك کە بەر تۆ دەکەوێت ئەوە بەر منیش کەوتووە) دوابەدوای ئەم وتەیە بڕیاری زەندیقیەت بە فەرمی لەلایەن زانایانەوە دژ بە حەللاج راگەیەندرا .

لە یەکێك لە گەشتەکانیدا حەللاج کەسێك دەناسێت بەناوی ( ابراهیم الخواص) دواتر ئیبراهیم پرسیار لە حەللاج دەکات کە بۆچی من زەمەنێکی درێژە بە دووی خۆشەویستی خودادا وێڵم و کەچی دەستم ناکەوێت؟ حەللاج پێیووت تۆ چەند ساڵە تەمەنت بە فیڕۆداوە چونکە تۆ ویستووتە (خۆت)ت هەبێت و (خودا)شت هەبێت ! دەبێت خۆت لە بەرامبەر خۆشەویستەکەتدا دابنێیت ئەو کاتەی کە تۆ پارچە پارچە بوویت، ئەو کاتەی بوونی تۆ لە نێو بوونی ئەودا ون بوو، ئەو کاتە گەیشتوویت بە خۆشەویستی خودا.

هەر دەربارەی سڕینەوەی خود و فەنابوون لە شیعرێکدا کە واتاکەی بەم چەشنەیە دەڵێت :

لە نێوان من و تۆ دا (من)ێك هەیە کە دەجەنگێت لەگەڵ (خۆم)دا

ئەی خودا بەهۆی نیگاکانتەوە ئەو (من)ە لابە لە نێوانماندا

شکاندنی دیسپلینی بێدەنگی صۆفیانە لەلایەن حەللاجەوە دەتوانرێت بەهەرە گرنگترین فاکتەرەکانی تووڕەیی بەرامبەر بە ئەو لە قەڵەم بدرێت، ئەم تووڕە بوونەش نەك تەنها دەوڵەت بەڵکو صۆفیەکانیشی گرتەوە، ئەوان حەللاجیان بە دەرچوو لەڕێبازی تەصوف تۆمەتبار دەکرد، ئەگینا خۆ خەڵکی دیکە هەبوون کە هاوبیروباوەڕی حەللاجیش بوون بەڵام ئەوان نهێنیان پاراست و لە دڵیاندا هێشتیانەوە، هەر بۆیە دوور بوون لە بەردباران و بە داردا هەڵواسران، لەوانە: (الشبلی، النوری، بایزید البستامی) بۆ نموونە (الشبلی) دەڵێت: (من و حەللاج لەسەر یەك خۆشەویستی و بیروباوەڕ بووین، بەڵام شێتی من بووە هۆی پاراستنم، کەچی وشیاری حەللاج بووە هۆی لەناوچوونی).

یەکێك لەو تۆمەتانەی کە رووبەڕووی حەللاج کرابووەوە ئەوەبوو کە گوایە خواستێکی سیاسی لە پشتی ڕێبازەکەیەوە حوزوری هەیە، ئەمەش وای لە دەسەڵاتی (المتوکل) کرد کە حەللاج بە شتێکی ترسناك بزانێت بۆسەر ئاسایشی دەستەڵاتی خۆی و زۆر بەتوندی لەگەڵیدا بجوڵێتەوە .

(د. سعد سعید الدیوجی) کە بۆچوونێکی پێچەوانە و دژی هەیە لەگەڵ حەللاج و ڕێبازەکەیدا لە بابەتێکدا بە ناوی (حدیث عن الصوفیه والتصوف) دەنووسێت: (پەیوەندیەکی ویژدانی هەبووە لە نێوان صۆفی و هەژارەکاندا، ئەم پەیوەندیەش فۆڕمی جیاوازی هەبووە بەشێوەیەکی گشتی خەڵکی ڕێزیان بۆ داناون و بەگوێیان کردوون، و هەندێك کەسیش زۆر بە توندی پابەند بوون بە ڕێبازەکەیانەوە، جا لەبەر ئەوە بارودۆخێکی گونجاو لە بەردەمیاندا هەبووە بۆ دەستوەردانە کاروباری سیاسی گەر بیانویستبایە).

(د. سعد سعید الدیوجی) پێی وایە کە هێزگەلێکی سیاسی زۆر هەبوون کە دژ بە خەلافەت بوون و نەیانتوانیووە بەشێوازێکی راستەوخۆ رووبەڕووی دەسەلآت ببنەوە و زەبری لێبووەشێنن هەر بۆیە بۆ بەدەستخستنی ئامانجەکانیان پەنایان بردۆتە بەر ( تصوف) کە دەتوانرێت زۆرترین خەڵکی لەدەور کۆبکرێتەوە.

لێرەدا دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆلای حەللاج بزانین خۆی چۆن لە تۆمەتی دەستوەردانە کاروباری سیاسی روانیوە، ( ابراهیم ابن فتیق) کە لاوێکی شوێنکەوتووی (حەللاج)ە دەڵێت: رۆژێك سەردانی

(حەللاج)م کرد لە ماڵەکەی خۆیدا و بینم کڕنوشی بردووە بۆ خودا و لە بەر خۆیەوە دەیگووت: ( تۆ ئەو کەسەی منت لەخۆت نزیك کردەوە بەهۆی حوزورتەوە، تۆ ئەو کەسەی من لە دووریدا جێدەهێڵیت بەهۆی غیابتەوە، دووریەك بۆ هەتا هەتایە لەگەڵ کاتدا دەمێنێتەوە، تۆ ئەوەندە خۆت سەلماندووە بۆ من وا هەست دەکەم هەموو شتێك هەرتۆیت، تۆ خۆت لە من ون دەکەیت تا ئەو رادەیەی گومان لە بوونت بکەم، بەڵام نە غیابت درێژە دەکێشێت و نە ئامادەگیت بۆ من کافیە، شەڕکردن لەگەڵ تۆدا سەرکەوتوو نابێت و ئاشتیش لەگەڵ تۆدا جێی ئەمان نیە ).

ئیبراهیم دەڵێت کاتێك حەللاج هەستی کرد کە من لەوێدام سەری بەرزکردەوە و بانگی کردم : وەرە پێشەوە و مەترسە، منیش لە بەرامبەریدا دانیشتم بینم چاوەکانی وەکو دوو جۆگەی سوتاوی ئاگراوی لێهاتووە، حەللاج وتی: کوڕی خۆم خەڵکی بانگەشەم لە دژ دەکەن، هەندێکیان من بەبێ باوەڕ (کافر) دادەنێن و هەندێکی تریان من بە دەسەڵاتخوازی تاوانبار دەکەن، جا من ئەو کەسانەم خۆشدەوێت کە من بە بێ بڕوا دادەنێن، بەڵام رقم لە کەسانێکە کە من بە دەسەڵاتخوازی تۆمەتبار دەکەن.!

ئیبراهیم دەڵێت وتم بۆچی؟ لە وەڵامدا وتی: لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی من بە بێ بڕوا دادەنێن ئەوە خەمی( دین)ەکەیانە، بەڵام ئەو کەسانەی من بە دەسەڵاتخوازی تۆمەتبار دەکەن ئەوە خەمی عەرش و دەسەڵاتەکەی خۆیانە، دیارە کەسێك کە خەمی دینی بێت لای خودا خۆشەویسترە لەو کەسەی کە خەمی دەستەڵاتی بێت .

پاشان وتی: ئیبراهیم تۆ چی دەکەیت کاتێك دەمبینیت کە سزا دراوم و کوژراوم و سوتێنراوم؟!!، دەسا ئیبراهیم بزانە ئەوە خۆشترین ساتی ژیانی منە!!).

ئێستا دەمەوێت لەسەر چەمکێکی یەکجار گرنگ بدوێم کە چەمکی (کفر)ە لە دیدی حەللاجدا، (د.سعد سعید) لەم بارەیەوە دەڵێت: ( بێگومان مەبەستی سەرەکی ئەم گروپانە، یان زۆربەی ئەم گروپانە هەوڵدان بووە بۆ گۆڕینێکی سیاسیانەی سیستەمی ئیسلامی، لە ڕێگەی چەند بیروبۆچونێکەوە کە ناوی (تصوف)ی لێنراوە، ئەگینا ئەوە چ مانایەکی هەیە کە حەللاج دەڵێت: کەسێك بڵی خودا تاکو تەنهایە ئەوە هاوەڵی بۆ خودا داناوە، یان دەڵێت: من بە دینی خودا کافرم و کوفریش بە ئەرکی خۆم دەزانم) بۆ روونکردنەوەی ئەو دوو وتە سەیرەی سەرەوە گرنگە بگەڕێینەوە بۆ لای حەللاج و لێی بپرسین چۆن دەبێت تۆ شانازی بە کافربوونی خۆتەوە بکەیت؟ حەللاج لە نامەیەکدا کە بۆ یەکێك لە هاوەڵانی نووسیوە بە چاکی ئەم بابەتە روون دەکاتەوە، لەو نامەدا هاتووە (ڕەنگە خودا یاسا رووکەشەکانی ئایین لە تۆ بشارێتەوە و حەقیقەتت نیشان بدات لە ڕێگەی کوفرەوە – واتە لە دەرەوەی ئاین– چونکە یاسا رووکەشیەکانی ئایین جۆرێکن لە بتپەرستیەکی شاراوە (hidden idolatry) واتە (لە ڕێگەی مادەوە دەیەوێت خودا بناسێت، بۆ نموونە خودا لە دەیان ئایەتی قورئانی پیرۆزدا هانی خەڵك دەدات بۆ ئەوەی لە زەوی و ئاسمانەکان ووردبینەوە و لەوێوە خودا بناسن، دیارە ئەمە لە دیدی حەللاجدا وەکو بت پەرستی وایە چونکە تۆ دەست بە شتانێکی مادییەوە دەگریت بۆ گەیشتن بە خودا، بەڵام گەیشتن بە خودا لە دەرەوەی ئایین (کفر)، لیقائێکی راستەوخۆیە) لە درێژەی نامەکەی خۆیدا حەللاج دەنووسێت: (یاسا رووکەشیەکانی ئایین ئێمە بە شتە مادییەکان دادەپۆشن، ناهێڵن راستەوخۆ لەگەڵ خودا بین " کە تەنها لە حەزفکردنی خۆماندا دەیبینینەوە " ئایین دەیەوێت خۆمان هەبین وخوداشمان هەبێت). !!

لە کتێبێکی حەللاجدا بەناوی ( كتاب التواسين) حەللاج راڤەی فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) دەکات کە دەفەرمووێت (بمرن بەر لەوەی بمرن) حەللاج دەڵێت: پەپوولە هەمیشە بەرەو گڕی مۆمەکان

دەڕۆن و بە جۆرێك لێی نزیك دەبنەوە تا دەیانسوتێنێت و دەبنە خۆڵەمێش، پەپوولە نە گڕی مۆمی دەوێت، نە ڕووناکی دەوێت و نە خودی مۆمەکە، ئەو تەنها سوتانی خۆی دەوێت، بە هەمان شێوە منیش دەمەوێت خۆم بخەمە نێو ئاگری خۆشەویستی خوداوە تا ڕادەی سوتان و لە ناوچوون، ئیتر من لە نێو ئاگری ئەو خۆشەویستیەدا ون دەبم و دەبم بە بەشێك لەو ئاگرە، ئەوەش مانای مردنە بەر لە مردنی ڕاستەقینە.

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا دەمەوێت بڵێم، عیرفان گەر ئەو مەملەکەتە بێت کە سنوورەکانی دەکەوێتە ئەو دیو سنووری زمانەوە و تەنها بە (ئیشارات) عاریفەکانی نێو ئەو جیهانە لەگەڵ یەکدا دەدوێن، بەڵام حەللاج هات و ویستی (ئیشارات)ەکان بکات بە وشە، ویستی ئەو هەموو وردە تەلیسمەی عیرفان کە لە قووڵایی ڕۆحدا دێن و دەچن بخاتە سەر زمان، ئەو هات و ویستی شتێك کە لە ناخیدا چوون بورکانێك تەقیبوویەوە بە هەموو مرۆڤەکان بڵێت، بەڵام من بۆ خۆم گومانم هەیە لەوەی کە حەللاج لەو هەوڵەیدا سەرکەوتوو بووبێت چونکە دونیای عیرفان ئەو کاتە بە جوانی دەمێنێتەوە کە لەو دیو سنووری پێناسەوە خۆی بدۆزێتەوە، تەنها ئەوەندە دەڵێم: چەند بچووکن ئەو شتانەی کە لە ئامێزی پێناسەیەکدا جێگایان دەبێتەوە .

**سەرچاوەکان**

1. an interpretation about hallaj, www.sufi master.org
2.short story about hallaj, sufi master web site.

٣. حديث عن الصوفية والتصوف د.سعد سعيد الديوجي، مجلة الحوار العدد ٣٤.
٤. سعيد نورسی : من ...خودی مرۆڤ و بزاوتنی گەردیلەکان لە نێوان فەلسەفەو ئاییندا.